# ئەڤیننامە

## شیعر

حەمەسەعید حەسەن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ئەڤیننامە

## شیعر

## حەمەسەعید حەسەن



ناوی کتێب: ئەڤیننامە
شیعری: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٣٣
دەرهێنانی هونەریی ناواخن: بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم : ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٨٠٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## شیعری جوان

هەموو ئەو شتانەی پێم وابوو، ئەگەر لێیان دووربم، هەڵناکەم، یەکە یەکە نەک هەر لە بەر چاوم کەوتن، بەڵکوو هەندێکیان ژیانیشیان لێ تاڵ کردم، تەنیا شیعر نەبێت، ئێستاش هێندەم خۆش دەوێت، هەر دەڵێیت سەرەتای چیرۆکی دڵداریمانە. متمانەم تەنیا بە شیعر ماوە، هەموو نووسینێک ڕەنگدانەوەی ژیننامەی نووسەرەکەیەتی، هیچ نووسینێک هێندەی شیعر ڕاستگۆیانە، بیوگرافیای خاوەنەکەی بەرجەستە ناکات. ئەوە درۆیەکی زل بوو کە دەیانگوت، شیعر ئاوێنەی واقیعە، ئەگەر شیعر ئاوێنە بێت، ئاوێنەی خودی شاعیرە. شیعری ڕاستەقینە، هاوزەمان ڕازی نهێنیی خودی شاعیر ئاشکرا دەکات و خوێنەریش خودی خۆی، تێدا دەبینێتەوە. ئەگەر خودی شاعیر زەریا بێت، شیعر شەپۆلەکانییەتی.

(شیعری جوان بۆ ئەوە دەستپێ ناکات، بگاتە کۆتایی، بۆ ئەوە کۆتایی دێت دەستپێ بکاتەوە.) شیعری جوان، چونکە نەوە لە دوای نەوە شتی نوێی تێدا دەبیننەوە، بۆیە بە نەمریی دەمێنێتەوە.



شیعری جوان نە بە توێکڵەوە سەرقاڵ دەبێت و نە باس لە ڕووکەش دەکات، دیالۆگ نییە لەگەڵ ئەم و ئەودا، مۆنۆلۆگی نێو خودی شاعیرە. کە شیعرێکی جوان دەخوێنینەوە، دەڵێیت سەیری تریفەی مانگ یان جریوەی ئەستێرە دەکەین، دەڵێیت بۆنی خۆڵی دوای باران یان گوڵێکی بۆنخۆش دەکەین. کە شیعرێکی جوان دەبیستین، دەحەپەسێین، هەر دەڵێیت تووشی کوتوپڕییەک هاتووین.

شیعری جوان هەر دەڵێیت ئینسانێکە بە منداڵیی ژیانێکی دژواری بەسەر بردووە، بۆیە هەمیشە یاخی دەبێت و باس لەو شتانە دەکات کە لە ڕوانگەی زۆربەوە، بڤە و تابوون. شیعر گیاندارێکە سەرچڵ، بێ ئەوەی سڵ لە مەترسییەکان بکاتەوە، بەردەوام خەریکی تاقیکردنەوەی ڕێگەی نوێیە. شیعری جوان نە مل بۆ دابونەریت کەچ دەکات و نە سنوور و بەربەست دەناسێت، شیعری جوان چونکە لە خودی یاخیبووی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت، هەمیشە لە گۆڕاندایە و نە گوێڕایەڵی ڕێساکانی زمانی باو دەبێت و نە لە قاڵبی شێوازە دێرینەکاندا قەتیس دەبێت. ئەگەر شاعیر سازش بکات، تەنیا لە پێناوی جوانترکردنی زمانی

شیعردا دەیکات. ڕێبازە شیعرییەکانیش وەک کێش و پاشبەند، جۆرێکن لە زیندان، شاعیر بوونەوەرێکی یاخییە و لە هیچ چوارچێوەیەکدا گیر ناخوات.

شیعری جوان بە خەم دەڵێت خەم و بە شادی دەڵێت شادی. نە شادی دەشێوێنێت تا لە خەم بچێت، نە خەم جوان دەکات، تا لە شادی بچێت. شیعری جوان نە ناپاکی لە خۆی دەکات، نە لە خوێنەر، شاعیر کەسێک نییە بۆ گەییشتن بە خوێنەر، ناپاکی لە هونەری شیعر بکات، وەلێ کەسێکیش نییە، بە پاساوی دڵسۆزی بۆ هونەر، دیوارێکی بەرزی بەردین لە نێوان خۆی و خوێنەردا هەڵبچنێت. شاعیر خەریکی کوشتنی باوکیش نییە، (گۆران) کە شۆڕشێکی نوێی لە شیعری کوردیدا بەرپا کرد، (نالی)ی نەکوشت، بەڵکوو لە بناری چیای ئەوەوە بەرەو لوتکەیەکی دیکەی شیعر کەوتە ڕێ.

شیعر بە پلەی یەکەم زمانە، هەر بە هۆی زمانەکەشییەوە، چێژ لە جوانییەکانی دیکەی وەردەگرین. بەرهەمهێنانی زمانێکی شیعری، یەکەمین ئەرکی شاعیرە. ئەگەر شیعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە، کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات.



یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان شاعیر و کادیری حیزب ئەوەیە، ئەم بە هۆشیارمان دەزانێت و ئەو بە نەفام، ئەوە نییە کادیر هەمیشە ڕێنوێنیمان دەکات؟ دەشێت جیاوازیی سەرەکیی نێوان شاعیر و واعیزیش ئەوە بێت، ئەمیان گومانمان لە کن دروست دەکات و ئەویان گەرەکییە بە یەقین بگەین.

زمانی شیعر، زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکی ڕاستەقینەدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن، زمانێکی شیعریی دەخوڵقێنێت کە ئەفسوونی لێ دەتکێت و لە ناخەوە دەمانهەژێنێت. ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرێکەوە کە ناوی خاوەنەکەشی لەسەر نەبێت، شاعیرەکەمان ناسییەوە، ئەوا ئەو شاعیرە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی.

شیعری جوان بە زمانێکی هێندە باڵا دەنووسرێت، هەر دەڵێیت شای دەربڕینە. زمانی شیعری جوان، لە زمانێک دەچێت، دەڵێیت زمانی گیاندارێکە لە ئینسان باڵاتر، زمانێکە دەڵێیت لە ئاسمانەوە دێت و لەو زمانە دەچێت کە فریشتە پێی دەپەیڤێت، زمانێکە لە کیژۆڵەیەک دەچێت، هێشتا پەیمانی ژووانێکی بە کەس نەدابێت.

زمانێکه پڕه له موسیک، موسیک تێیدا به چڕترین شێوه خۆی دهنوێنێت. زمانێکه لهگهڵ موسیکدا پێکهوه له دایک دهبن و ههر دهڵێیت بۆ گۆرانی خولقاوه. ههر شیعرێک بکهوێته خانهی داهێنانهوه، بهشداری له جوانترکردنی زمانیشدا دهکات.

شیعری جوان، ئاوی ژیانی زمانه، ئهوه ئاوی شیعری جوانه، لێ ناگهڕێت گوڵی زمان بژاکێت. شاعیری داهێنهر جۆره پێوهندییهکی وا له نێوان وشهکاندا دههێنێته ئاراوه، که مانای تازه ببهخشن. شیعری جوان چونکه له سهرچاوهی خهیاڵهوه ههڵدهقوڵێت، با دنیابینییهکیش بهرجهسته بکات، ههر لهگهڵ ههستماندا دهدوێت. ئهوه له فێرگهی شیعرهوهیه، فێر دهبین چێژ له هونهر وهربگرین.

شیعری جوان هاوزهمان ڕووخێنهره و بنیاتنهریش، ئاخر که ڕێسا دێرینهکان خاپوور دهکات، بناغهی ڕێسای نوێ دادهنێت، وهک نموونه: که دهسهڵاتی (بهیت) دهڕووخێنێت، یهکیهتیی بابهت دهخولقێنێت. زمانی شیعر، نه زمانی عهوامه، نه زمانی دهستهبژێر، زمانێکه بهردهوام له گۆڕاندایه، له قهفهزی زمانی باو یاخی دهبێت و نهک ههر خۆی ناجوێتهوه، بهڵکوو



بهردهوام خۆی نوێ دهکاتهوه. شیعری جوان چونکه زادهی ئهزموونی ئینسانه، نه له زهمانێکدا گیر دهخوات، نه له شوێنێکدا، دهشێت سهدان ساڵ بژی و ههستی دهیان نهتهوه ببزوێنێت.

شاعیر حهزی له لاساییکردنهوه نییه، بهردهوام سهرقاڵی تاقیکردنهوهی نوێیه، بهرانبهر فۆرمه دێرینهکان به ئهمهک نییه، ناپاکییان لێ دهکات و فۆرمی نوێ دادههێنێت. فۆرمێک تهنیا لهبهر ئهوهی نوێیه، مهرج نییه داهێنان بێت، وهلێ داهێنان به تازهیی دهمێنێتهوه. شیعر وهک چۆن زادهی کێش و سهروا نییه، ههر وایش زادهی فهرامۆشکردنی ڕیتم و پاشبهند نییه، شیعر زادهی دهربڕینی نوێ و ئهو هاوئاههنگییه تازهیهیه که شاعیر له نێوان وشهکاندا دهیهێنێته ئاراوه. شاعیر شایهتێکه، به چاوی دڵ ئهو شتانه دهبینێت که کهسانی ئاسایی نایانبینن، شیعری جوان کڵپهی ئاگری ڕۆحێکی بێدار و ڕابوونی ویژدانێکی زیندووه.

**حهمهسهعید حهسهن**

**2005. 10. 14**

## بزربوون لە تیشکدا

بۆ ئەو ژنەی بۆی
نووسیبووم: سالآنێکە
ڕەدووی وشەکانت
کەوتووم،
ئەگەر کلیلی چارەنووسی
خۆم لە دەستی خۆمدا
بووایە،
ڕەدووی 〈خۆ〉شت
دەکەوتم.

بە درێژایی تەمەنم
هەر چی تالآوم نۆشیوە
هەموویم بیر دەچێتەوە،
ئەگەر کەڕەتێ کۆتری
پەنجەت لەسەر
تەوێڵم بنیشێتەوە.

ئەگەر چاوی تۆ نەبووایە
لەمێژبوو منیش مردبووم،
ئاخر چاوی تۆ گیانمە،
ئەگەر ئەوینت نەبووایە
منیش ناپاکیم کردبوو،
ئاخر ئەشقت ویژدانمە.



ئەوە تەنیا ئەوینی پاکژی تۆیە
مانا دەدا بە ژیانم،
بە هۆی خۆشەویستیی تۆوە
هەست دەکەم منیش ئینسانم.

بریا پێش تۆ
دڵم هانای بۆ کەسی تر نەبردبا،
بریا یەکەم خۆشەویستیم
لە ناسینی تۆوە دەستی پێ کردبا.

2004. 06. 05

# چەمێک لە پشکۆ

‹ئەو دەرسەی
پێویستە فێری بین،
دەرسێکە سەبارەت بە ئەوین،
ئەوینێ
نە کۆت و نە مەرج و نە سنوور بناسێ،›[*]
ئەوینێ باڵاتر
لە ئەشقی نێوانی مەم و زین.

من بۆیە تامەزرۆی ژیانم
تا فێری ڤیان بم،
من بۆیە هۆگری ڤیانم
تا فێری ژیان بم.

گەر ئەوین نەبووایە،
نە هەستم بە بوونی خۆم دەکرد،
نە ژینم خۆش دەویست،
گەر ئەوین نەبووایە،
چی دیکە،
من و تۆی یەک دەخست؟

وەرە با بە چاوی پڕ وشە

(*) ئێلیسابێت کوبلەر رۆس.



یەکتری بدوێنین،
وەرە با بە وشەی پڕ لە سۆز
بەختیاری بۆ یەکدی بهێنین.

بەرهەمی ئەوین بوون
ئەو ساتە خۆشانەی بینیمان،
بەرهەمی ئەوین بوون
ئەو شتە جوانانەی بەخشیمان.

ئەوین بوو وەهای کرد
شتگەلێ ببینین
بینینیان بۆ هیچ کەس نەلوابێ،
ئەوین بوو وەهای کرد
وا بدوێین
کەس پێشتر بەو جۆرە نەدوابێ.

ئەوینی من و تۆ،
نە گڕی مۆمێکە، زوو ون بێ
نە کوێرە کانییە، لیخن بێ
چەمێکە لە پشکۆ.

2004. 10. 28

## گەڕانەوە

دێمەوە و دڵ نەک پێ،
دەنێمە سەر خاکی خاوێنت،
دێمەوە و گشت گیانت ماچ دەکەم
لە تەوقی سەرتەوە هەتاکوو داوێنت،

دێمەوە و هێندە بۆ دیدارت
عەزرەتی و تامەزرۆم،
بە لێزمەی فرمێسکم
ڕووخساری یەکەمین گابەردت
پاک دەشۆم،

دێمەوە و لە ئاوی سەرچاوەت
تینوێتیی سالآنی غەریبیم دەشکێنم،
دێمەوە و بە شانەی مژۆڵم(*)
پەرچەمی دەوەنت دادێنم.

دێمەوە و بە گرد و چیاتا هەڵدەزنێم،
دێمەوە و چی شار و لادێتە دەگەڕێم.
دێمەوە و ئەوەندە شەکەتم
بەردێکت دەکەمە بالیف و(**)

(*) مژۆڵ: برژانگ.
(**) بالیف: سەرین.



لێی دەنووم،
دێمەوە و ڕۆحی پڕ حەسرەتم
لە دار و لە بەردت هەڵدەسووم.

2004. 10. 30

## دوو ڕۆحی بریندار

ئەوە کام گابەردی قین بوو
گۆزەڵەی دڵمانی شکاند؟
ئەوە کام چەقۆی تۆڵە بوو
خوێنی جەستەمانی ڕژاند؟

بە ئاگری شەڕێ سووتاین
بەر لە ئێمە هەڵگیرسابوو،
بە تاوانێ سزا دراین
ڕووی نەدابوو.

دەڵێی تەیری ئەنگێوراوین،(*)
دەڵێی شیعری باڵکراوین،
دەڵێی لە لوتکەی شاخەوە
هەڵدێراوین،
نە دەنگمان دەگاتە کەسێ،
نە بە هانامانەوە دێ
فریاڕەسێ.

بڵێی ڕۆحی بریندارمان
لە ئاسماندا بە یەک بگەن؟

(*) ئەنگێوراو: پێکراو.



بڵێی پەری و فریشتەکان
لە چیرۆکی خۆشەویستیمان تێ بگەن؟

مەگەر ئاگری ئەوینمان
شەوەزەنگی دڵدارێ ڕوون بکاتەوە،
ئەگەر نا هیچ
سەبووریمان ناداتەوە.

2004. 10. 20

## شاعیرێکی تەنیا

نە ژوورێکت پێ بەخشیم ئۆقرەی تیا بگرم،
نە بالیفێ،
سەر بکەمە سەری و خەونی خۆش ببینم،
نە نانێکت پێ ڕەوا دیم،
نە ئاوازێ ڕۆحم تێر کا،
نە کتێبێ،
درەختی بیرم ئاو بدا،
نە دەفتەرێ،
یەک دوو شیعری تیا بنووسم،
نە ئومێدێ،
دڵم ڕۆشن بکاتەوە،
ئەی نیشتمان.

*

ببوورە لێم کە نەمتوانی
سەروەختی نسکۆ و کارەسات
شیوەنەشیعرت بۆ بڵێم،
ببوورە لێم ڕانەهاتم
لە بۆنەی خۆش و جەژنتا
گۆڤەندەشیعر بنووسم،

(*) کۆپلەی یەکەم، یەک دوو ڕستەی دەستکاریکراوی (محەممەد ماغووت)ی شاعیری تێدایە.



چەرچی نەبووم
ڕۆژێ قردێلەی قەترانی و
ڕۆژێکی تر
فیشەکەشێتە بفرۆشم،
ئەی نیشتمان.

*

ببوورە لێم کە ئامێزی ساردوسڕتم بەجێ هێڵا،
ئاخر دەمویست
لە باوەشی وڵاتێکا پشوو بدەم،
کە خەونم پێوە دەبینی،
ئاخر دەتویست
لە شاعیری هەڤبێژەوە
بمکەی بە زوڕنای دەسەڵات،
ئەی نیشتمان.

2005. 05. 14

(*) چەرچی: فرۆشیاری گەڕۆک.

## پەشیمانینامە

بۆ هونەرمەندی هێژا سەلاح ڕەشید

ڕۆحم خەڵتانی پەشیمانییە،
پاشگەزبوونەوە لە جەستەم دەتکێ،
هەرگیز نەدەبوو شتی وا بڵێم،
شووشەی بێگەردی دڵی تۆ بشکێ،

دەبوو هەڵوێستی وەها نەنوێنم
پەڕەی هەستی تۆی پێ بڕووشێنم،
دەبوو لە عەرشی ئەوینی تۆدا
بێمە سەر چۆک و سەر دانەوێنم.

دەبوو کوێرانە بڕوام پێت هەبێ،
دەبوو زەڕڕەیە شکم لێت نەبێ،
دڵت بەرین بێ، لە هەڵەم خۆش بە!
با ئەم شەیدایەت، تەواو شێت نەبێ.

2005. 09. 19



## ژنێک لە نوور

ئەستێرە/ چاوی خۆی/ پێ بەخشیت،
گوڵەباخ کوڵمی خۆی پێ بەخشیت،
گوڵاڵە لێوی خۆی پێ بەخشیت،
شەوەزەنگ پرچی خۆی پێ بەخشیت،
تریفە خەندەی خۆی پێ بەخشیت،
فریشتە دەنگی خۆی پێ بەخشیت،
دارچنار بەژنی خۆی پێ بەخشیت،
دارهەنار مەمکی خۆی پێ بەخشیت،
من گیان و
ژیان و
باوەشی دڵی خۆم،
پێ بەخشیت.

2005. 10. 08

## ئەوین

## له پاییزی تەمەندا

کۆترێکی هێلانه لێ تێکدراو بووم،
تۆ هاتی به هانامەوه،
کزەی تەنیایی گیانمی تەزاندبوو،
گوڕت وەبەر هێنامەوه.

به خونچەیەکم دەزانیت
گوڵجارێ بووی،
به کانیاوێکم دەزانیت
ڕووبارێ بووی.

من ئەوەنده تۆم خۆش دەوێ
که دەتبینم
زمانم له گۆ دەکەوێ.

که چرپەیەکت دەبیستم
داوێنم له هەور دەخشێ،
دەڵێی هەڵۆ
باڵی خۆیم پێ دەبەخشێ.

که له سێبەری باڵاتا



پشوو دەدەم
ئارامییه هەست پێ دەکەم
له ئۆخژنی(*) بێچووه پەلەوەرێ دەچێ
له ژێر باڵی دایکیدا ئۆقرەی گرتبێ.

2003. 09. 10

(*) ئۆخژن: هەست به خۆشی و ئارامی کردن.

## من و تۆ

ئەوەندە لە یەكدی دەچین
قەت نەدەبوو
لە نێو دوو جەستەدا بژین،
هەمان پێشینەمان هەیە
چاو لە هەمان ئاسۆ دەبڕین،
ڕێبواری هەمان شەقامین
بە هەمان پەیام سەرسامین،
هۆگری هەمان دیمەن و
هەمان ڕەنگین،
تامەزرۆی هەمان ئاواز و
هەمان دەنگین،
پەروەردەی یەک خاک و ئاوین
بە یەک خولیا گۆش كراوین،
بە هەمان بادە سەرخۆشین
هەمان پێكی خەم دەنۆشین،
بە هەمان ئاگر سووتاوین
گرفتاری هەمان داوین،
قالبووی هەمان بۆتەی ئێشین
تا ئاستی شێتیی سەركێشین،
كە دەپەیڤین
قسەی یەكدی دەڵێینەوە



كە پێک دەگەین
لە یەكدیدا دەتوێینەوە،
ئێمە دوو باڵی مەلێكین
ئێمە دوو دیوی كەلێكین،(*)
تۆ ئەوەندە لە من دەچی
من ئەوەندە لە تۆ دەچم
گەلێ جار لە خۆم دەپرسم،
تۆ بڵێیی ئەمن، ئەو نەبم؟

2003. 10. 15

(*) كەل: كەژ، چیا، شاخ، كێو.
بە كاریگەرییەتیی گۆرانیی «شایف البحر»ی «فەیرووز» نووسراوە.

## شاژنی وڵاتی ئەوین

وەرە سەرم بنووسێنم
بە سنگتەوە،
گوێ لە ترپەی دڵت بگرم،
وەرە بیدەم لە بەرۆکت
گوڵی عومرم،
وەرە ئیدی
بەرگەی دەردی
سەختی جوودایی ناگرم،
وەرە دەنا
هاکا پسا داوی سەبرم،
وەرە من تۆم
هێندە خۆشتر دەوێ لە خۆم
ئەگەر بڵێی بمرە، دەمرم.
وەرە گیانی شیرینم بە!
وەرە شاژنی وڵاتی ئەوینم بە!
وەرە ئەمن دەتپەرستم،
وەرە ئەگەر تۆش بە ڕاستی
خۆشت دەوێم،
وەرە تۆ شیاوی ئەوەی
سەد جار لەسەرت بکوژرێم.

2003. 10. 13



## ئەوین و مەحاڵ

دەزانی زەریا چەن قووڵە!
هێندەی قووڵایی زەریاکان
خۆشم دەوێی،
دەزانی ئاسمان چەن دوورە!
هێندەی دووریی
حەوتەمین نهۆمی ئاسمان
خۆشم دەوێی،
هێندەی بەرینیی بیابان
خۆشم دەوێی،
هێندەی بەرزایی چیاکان
خۆشم دەوێی،
خۆشم دەوێیت و ئەوینم
ئەوەندە پاکژە دەڵێی
بەفرە بە ترۆپکی کۆوە،(*)
خۆشم دەوێیت و دەزانم
چارەنووسم
بەندە بە ئەوینی تۆوە.
خۆشم دەوێیت و دڵنیام
هەر چی بکەین،
مەحاڵە بە یەکدی بگەین،

(*) ترۆپکی کۆ: لوتکەی چیا.

دڵداریمان
پەیامێکە ناگاتە جێ،
چیرۆکێکە
بە کارەسات کۆتایی دێ.

2003. 10. 18



## خواژن

هەرچی نامەت بۆ ناردبووم
هەموویانم یەک یەک سووتاند،
هەر وێنەیەکی تۆم لابوو
هەموویانم یەک یەک دڕاند.

ئەو جێیانەی
یادگاریمان لێیان هەبوو
ئیدی ڕووم تێ نەکردنەوە،
ئەو گۆرانی و مەقامانەی
بە دووقۆڵی گوێمان لێیان ڕاگرتبوو
ئیدی گوێم لێ نەگرتنەوە.

ئەو شتانەی تۆیان بیر دەهێنامەوە
هەموویانم لە دەوری خۆم دوور خستەوە،
هەموو ئەو داوانەم پساند
من و تۆیان بە یەکەوە دەبەستەوە.

کەچی هێشتا هەناسەیە
زایەڵەی دەنگت هەواری گوێمی بەجێ نەهێشتووە،
کەچی هێشتا ئەو خواژنەی

بێباک لەسەر عەرشی دڵم ڕۆ نیشتووە،
کەچی هێشتا
بە زەبری سیحری ئەشقی تۆ
ڕۆحم دەڵێی کوانوویەکە
لێوانلێو لە کەڵەپشکۆ،
کەچی هێشتا
ڕۆژێ نییە فرمێسکت بۆ نەبارێنم،
شەوێ نییە لە خەومدا نەتدوێنم.

2003. 07. 20



## وڵاتێک لە ئەوین

با هەست بە غەریبی نەکەی
ئەوە دڵم،
وەرە بیکە بە نیشتمان!
با هەست بە تەنیایی نەکەی
هانێ ئەوە دەستەکانم،
وەرە بیانکە بە ستیان![*]

ئەوە شانەی برژانگی من
وەرە قژتی پێ دابێنە!
ئەوە جۆلانەی ئامێزم
وەرە سەرخەوێ بشکێنە!

وەرە بەڵێنت پێ دەدەم
لە چاوما جێت بۆ ڕا بخەم،
شەوانە بۆت ببم بە مۆم،
لەبەر تاڤگەی شیعرا بتشۆم.

ئەوینت چەن لە ناکاو هات!
چ زوو دەرگام لێ کردەوە!
چ زوو پیرەدرەختی دڵ

(*) ستیان: مەمکبەند.

سەرلەنوێ گوڵی گرتەوە!
چ زوو مەلی سرکی ڕۆحم
دەستەمۆ بوو!
چ زوو هەستم
وابەستە و هۆگری تۆ بوو!

2003. 09. 26



## خاکی ژێر پێتان ماچ دەکەم

هۆ دایکانی
جگەرگۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو.

ئەگەر ئاسمان
ئەستێرەیەکی پێوەیە،
ئەوە چاوی
تاقانەیەکی ئێوەیە.

درەختێ
بە پێوە مابێ،
لە ئێوەوە
فێری خۆڕاگرتن بووە،
پەپوولەیە
بە تیشکی مۆمێ سووتابێ،
لە ئێوەوە
فێری لە خۆ بوردن بووە.

هۆ دایکانی
جگەرگۆشە ئەنفالکراو!

کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سڵاو،
بە قوربانی دار و بەردی ناو دێتان بم
بە قوربانی خاک و خۆڵی ژێر پێتان بم.

2003



## نامەیەکی چاوبەخوێن

کە جێت هێشتم
وەک منداڵێکم بەسەر هات
لە کۆڕەودا
دایک و باوکی ون کردبێ،
وەک پێشمەرگەیەکم لێ هات
ڕێژنەی گوللەی شەڕی ناوخۆ
هەموو جەستەی کون کردبێ.

دوای تۆ ڕووخا کۆشکی شکۆم
تروسکەی تیا نەما ئاسۆم.

دوای تۆ خۆم وەک گوندێ بینی
ئەنفال سیمای شێواندبێ،
یان وەک شارێ بای زەردی مەرگ
گەڵاکانی وەراندبێ.

نە مەم بە زین
نە فەرهاد بە شیرین شاد بوو،
ڕەنجی منیش
وەک هی ئەوان بە فیڕۆ چوو.

خۆشەویستی
هەمیشە بێ هوودە بووە،
هێشتا نەمبیستووە بڵێن
ئاشقێ ئاسوودە بووە.

2003. 02. 16



## پشکۆی ئەشق

با ویژدانت ئاسوودە بێ
ئەمە یەکەم نسکۆ نییە
تووشم دەبێ.

زۆر جاری تر
لە ناکاو بەجێیان هێشتووم،
زۆر جاری تر
فرمێسک بەرچاوی لێڵ کردووم.

زۆر جاری تر
لاپەڕەی هەستیان ژاکاندووم
زۆر جاری تر
گوڵدانی دڵیان شکاندووم.

تاڵاوی زۆر گلانی ترم نۆشیوە،
زۆر جاری تر
تێکشکانی خۆمم دیوە.

زۆر جاری تر
تەرمی هیوام
دەست نەیارانم کەوتووە،

زۆر جاری تر
شکۆمیان پێشێل کردووە.

لە تۆ زیز نیم،
لە خۆم تووڕەم
شین بۆ دڵسافیی خۆم دەکەم
زۆر جاری تر پەنجەی ڕۆحم
بە پشکۆی ئەشقا چزاوە،
کەچی هەر دەستی بۆ دەبەم.

2003. 08. 14



## To be or not to be...

وەک با هاتی،
با چ باکی
لە بەربەست و کۆسپ و مەرزە،
وەکوو خۆرەتاو هەڵاتی
خۆر کەی حەوجەی
بە مۆڵەت و چرای سەوزە؟

بەخێر هاتی
ئەی ئەو کەسەی مانا بە ژینم دەبەخشێت
گەر بخوازی،
بێ دوودڵی
چاوانم دەخەمە بەر پێت.

بێ تۆ ڕۆحم
لە شەوگاری تەنیاییدا
دڵۆپ دڵۆپ دەتوێتەوە،
بێ تۆ گۆرانیبێژێکم
لە گەرمەی بەستەگوتندا
شیعری لە بیر چووبێتەوە.

خۆشەویستیم هێندە پاک و

ئەوەندە خوایی و گیانییە،
نەک هەر بەو خاڵەی ڕوومەتی داگیر کردووی،
بەغیلیی بەو خاڵەش دەبەم
لە نێو نوونی ناوەکەتا زیندانییە.

دەترسم من
شیاوی ئەو هەموو ئەوینەی تۆ نەبم،
تۆ لە ژیانمدا نەبی،
لام چوون یەکە
ئەگەر هەبم، یاخۆ نەبم.

2003. 11. 30



## لە یەکەم نیگاوە

لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێ
ئەو ئەوینەی
لە چاوما بەدیت کردووە،
(دڵداریمان هێژاترین گەنجینەیە،
لە دڵما هەڵم گرتووە،)(1)
تۆ لە دڵمای،
چەن لێم دوور بی،
هەر وا هەست دەکەم لە گەڵمای.
کەس شک دەبەی
وەک من لاولاوی هۆنراوەی
لە بەژن و باڵات ئاڵابێ؟
کەس شک دەبەی
وەکوو من ئامێزی دڵی
هەمیشە بۆ تۆ واڵابێ؟
کەس شک دەبەی
وەک من دڵی هەر لای تۆبێ؟
کەس شک دەبەی
ئەوەندەی من شەیدای تۆبێ؟
بێجگە لە من

(1) I’m sure our love is a treasure, your heart will always keep. (Bobette Bryan)

کێیە چاوی بۆ کردبێ
بە کەژاوە؟
کێ وەکوو من داهاتووی خۆی
بە پرشنگی چاوی تۆوە گرێ داوە؟
لە سیماتا
سەراپای کوردستانم دی،
بۆیە لە یەکەم نیگاوە
خۆشم ویستی.

2003. 10. 30



## لە بەهەشتی ئامێزەوە

بە خێر هاتی
ئەی میوانی درەنگوەختی ژیانی من
دواییت هێنا
بە ساڵانی ڕەش و سەختی ژیانی من
تا ئەوینت ژینی داگیر نەکردبووم
نەمدەزانی لە پاییزی تەمەنیشدا ڤیان هەیە
تاکوو باسکت نەکردبوو بە سەرینم
نەمدەزانی لە جەستەمدا ڕەوان(*) هەیە
تا لە یەکدی نەئاڵابووین
نەمدەزانی ژنی هێندە نیان هەیە
تا بەهەشتی نێو ئامێزی تۆم نەدیبوو
نەمدەزانی لە دوای مردن،
ژیان هەیە.

2002. 05. 19

(*) ڕەوان: گیان.

## گوڵم حەیفە منت فەرامۆش کردووە

کێ هێندەی من خۆشی ویستووی؟
کێ وەکوو من لە ئامێزی دڵی گرتووی؟
کێ وەکوو من
فەرشی عومری بۆ ڕاخستووی؟

کێ وەکوو من
بە چاوی، نازی هەڵگرتووی؟
کێ وەکوو من
ئەگەر ژیانیت خواستبێ،
دەسبەجێ پێشکەشی کردووی؟

کێ وەکوو من بە پەڕەی دڵ
گەردی خەفەتی سڕیوی؟
بێجگە لە من
کێ بە پێڵووی داپۆشیوی؟

کێ وەکوو من بۆ دیدارت
ڕێگەی دژواری بڕیوە؟
کێ وەکوو من
تەنیا تۆی بە ژن زانیوە؟



کێ هێندەی من
قووڵ و گەرم ڕایمووسیوی؟
کێ وەکوو من
شیعری جوانی بۆ نووسیوی؟

کێ وەک من هۆگرت بووە؟
کێ وەکوو من
کوێرانە شوێنت کەوتووە؟
کێ وەکوو من
متمانەی ڕەهای پێت بووە؟
کێ وەک من حەزی لێت بووە؟
کێ وەک من بۆت
دێوانە و شەیدا و شێت بووە؟

کێ وەکوو من سەدان پێکی
لە چاوانت نۆش کردووە؟
گوڵم حەیفە منت فەرامۆش کردووە.

2003. 06. 10

## کەس وەک تۆ خۆشی نەویستووم

هەر هەموو دنیا بگەڕێم
سەرینێ نابینمەوە
ئەوەندەی باسکت نیان بێ،
هەر هەموو دنیا بگەڕێم
هاوژینێ نابینمەوە
ئەوەندەی تۆ دلۆڤان بێ،
هەر هەموو دنیا بگەڕێم
هاوڕازێ نابینمەوە
ئەوەندەی تۆ تێبگا لێم،
هەر هەموو دنیا بگەڕێم
دڵخوازێ نابینمەوە
ئەوەندەی تۆ خۆشی بوێم،
هەر هەموو دنیا بگەڕێم.

ئەوە تەنیا شنەی چرپەی دەنگی تۆیە
تەمومژی ئاوارەییم ڕادەماڵێ،
ئەوە هەر لاولاوی سۆزی گەرمی تۆیە
لە بەژنی ڕۆحی لەگۆکەوتووم دەئاڵێ.

ئەوە تۆ بووی فێرت کردم
کرۆکی ژیان ئەوینە،



ئەوە تۆ بووی فێرت کردم
خۆشەویستی هەر بەخشینە،
کەس وەک تۆ خۆشی نەویستووم
هەمیشە چیت شک بردبێ
بێ دوودڵی پێت بەخشیوم
هەرگیز هیچت لێ نەویستووم،
کەس وەک تۆ خۆشی نەویستووم.

2004. 02. 21

## ڕازێکی پیرۆز

دەزانی من چەن شەیدای تۆم؟
هێندەی ئەگەر مەل بوومایە
لە نێو قژتا
هێلانەم چێ دەکرد بۆ خۆم.
ئەگەر پەپوولە بوومایە
پەنجەیەکتم دەکردە مۆم،
تا دەسووتام
لە دەوری تیشکی دەگەڕام.
لاولاو بووایەم
بە بالاتا هەڵدەزنام،
شەنگەدرەختێ بوومایە
سێبەرم هەر بۆ تۆ دەکرد،
پاشای جیهانیش بوومایە
من کوڕنووشم بۆ تۆ دەبرد.
بەفر بووایەم
هەر بەسەر شاخی گەردنی
بڵندی تۆدا دەباریم،
شەماڵ بووایەم
قژی خاوی تۆم دەکردە
هاوڕێی هەمیشەیی یاریم.
باران بووایەم



هەر تۆم بە کێڵگە دەزانی،
چاو بوومایە
تاکوو لێلاییم دادەهات
هەر بۆ جوانی تۆم دەڕوانی.
من نازانم
پەنجەم لەبەر تاڤگەی قژتا
بنوێ خۆشە
یا خەرمانەی دەوری مانگی مەمکۆڵەت بێ؟
من نازانم
کۆرپەی دڵم
لە ئامێزی نەرموشلتا
ئێشکگر بێ،
یا هەر تینووی
ئەو سنگە توندوتۆڵەت بێ؟
من نازانم
کە گەلای ژینم دەوەرێ
باسکم لە قەدت ئالابێ
خۆشترە یا لە گەردنت؟
بەڵام لەوە بێ گومانم
خۆشە مەرگم بکەوێتە پێش مردنت.

1991

## سەفەر

هەر كاتێ
باژێرێ، وڵاتێ
جێ دێڵم،
هەر كاتێ
دەگەمە باژێرێ، وڵاتێ،
خێڵی خەم
دەگاتە هەواری دەروونم،
هێشتاكە لەو هەموو وێسگەیە
لەو هەموو گەڕاژ و بەندەر و فڕگەیە
نە شۆخێ هاتووە
بە چەپكێ ماچەوە بە ڕێم كا،
نە جوانێ بە چەپكێ گوڵەوە
پێشوازیی لێ كردووم،
نازانم
چۆن سەدان سەفەرم كردووە و
لە داخا نەمردووم!

1992



## بۆ كچێكی خوێنشیرین

گەردەلوولێكی هێمنی
كە هەڵدەكەی
بۆ ماڵی دڵ
خەم دەهێنی،
كە ون دەبی
بۆ ئاسمانی ساماڵی دڵ
تەم دەهێنی.
لای من خەمت
جریوەی مەل،
خوڕەی ئاوە،
لای من تەمت
چەپكە تیشكی خۆرەتاوە.
خۆشم دەوێی
بڵێم وەك چی؟
تاوەكوو كەی؟
كوا دەزانم؟
پێنووسم كۆڵ،
زمانم سڕ،
شیعرم ملكەچ
شەرمەزارن بەستەكانم.
من سەربازێكی بێ چەكم

تۆ بێ شەڕ یەخسیرت کردووم،
وڵاتێکی بێ کوتەکم
بێ هێرش داگیرت کردووم.
دیلتان دیوە
تیری خەم لە ناخی دڵی کاری نەبێ؟
ئەوە منم،
بیستووتانە وڵاتێکی داگیرکراو
تامەزرۆی ڕزگاری نەبێ؟
ئەوە منم.
ئەوە منم ئەوینم پێیە و هیچی تر
بۆ تۆ ئەی خوای تەختی دڵم
خۆشەویست و دوژمنی سەرسەختی دڵم.
گەردەلوولێکی هێمنی
کە هەڵدەکەی،
پەستم دەکەی،
کە ون دەبی،
بیرت دەکەم
دوژمنە خۆشەویستەکەم.

1985



## تامەزرۆیی

ماڵی دڵم ماڵی خۆتە
ساڵانێکە تامەزرۆتە،
ژوورەکانی بە تاسەوە چاوەڕێتن
خەریکە بۆ چرپەیەکت
سوێی بێتەوە
تەختی نوستن.

وەرە گەر بێی
ئینجانەکان
باخێکی بەرینی دڵگیر
پێک دەهێنن،
چاوانی خەواڵووی کوانوو
وەک ئەستێرە دەجریوێنن.

وەرە دەرگای ماڵی دڵم کراوەیە،
زەنگ لێ مەدە
ڕاستەوخۆ وەرە ژوورەوە،
بێ تۆ دەڵێی کەلاوەیە.

وەرە گەر بێی
سەرم دادەنێم لە ڕێتا،

مافووری ڕۆحم ڕادەخەم
لەبەر پێتا.

وەرە گەر بێی
دەزانی چەندم خۆش دەوێی.
ماڵی دڵم ماڵی خۆتە
ساڵانێکە چاوەڕێتە.

1996



## ددانپیانان

تیرۆژی ئەوینت
بە جۆرێ بوونمی سمیوە
من لەسەر سپێنەی چاوانم
ناوی تۆم
بە دەرزیی برژانگم نووسیوە.

شارەزای کۆمەڵێ زمانم
کەچی ئەو کاتانەی دەمەوێ
نهێنیی دەروونم دەربڕم،
وشەیە نازانم.

یەکەمین دیمانە
پاژنەمت پێکاوە،
تینوومە،
چواردەورم: سەرابە
ئامێزت: کانیاوە.

ئەگەر چی پێکەوە نەژیاوین
دەنگێکی یەزدانی پێم دەڵێ
بۆ یەکدی خولڵقاوین.

1996

## ناڵەی سوارێکی گلاو

وەک باران
چۆن مۆڵەت ناخوازێ و دادەکا ،
وەک شەماڵ چۆن بێ پرس هەڵدەکا ،
ئەستێرەی چاوی تۆش وا خۆڕسک
لە شەوی ژیانما داگیرسا ،
زریانی ئەوینت
درەختی بوونمی
لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشا .

ئەوەندە متمانەم پێت هەبوو
لام وابوو ئەوینمان ئەشقێکە خودایی
قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو
چیرۆکی نێوانمان بگاتە کۆتایی.

ئەگەر تۆ وا ئاسان فریوت نەدابام،
من چۆنم زانیبا کەسێکی ئەوەندە خۆشبڕوام.

سوارێکی گلاوی ئەنگاوتەم
زەکاتی کاڵفامیی خۆم دەدەم.

2002. 08. 14



## گلەیی

دوو هەفتەیە
لە من وایە دوو سەدەیە
نە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی،
نە کارتێکم بۆ دەنێری،
نە نامەیە!

گوڵم لای من
تۆ هەر ژنەکەی جارانی
ئەوی ئەگەر شەوباشی لێ نەکردبام
خەو نەدەچووە چاوەکانی،
ئەو ژنەی خۆی بە جولێت و
منی بە ڕۆمیۆ دەزانی،
ژنێ گەرمتر لە ئاگر
ژنێ ناسکتر لە شیعر
ژنێ لە سەرکێشی و جوانی،

ژنێ بێباک
لە ڕێی دژوار،
بێباک لە شەپۆلی زەریا ،
ژنێ کە نیگەران دەبوو
بەسەر شانمدا دەگریا .

دوو هەفتەیە
لە من وایە دوو سەدەیە
نە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی،
نە کارتێکم بۆ دەنێری،
نە نامەیە!

2002. 08. 18

# پێڕست


شیعری جوان ........ 5
بزربوون لە تیشکدا ........ 11
چەمێک لە پشکۆ ........ 13
گەڕانەوە ........ 15
دوو ڕۆحی بریندار ........ 17
شاعیرێکی تەنیا ........ 19
پەشیمانینامە ........ 21
ژنێک لە نوور ........ 22
ئەوین لە پاییزی تەمەندا ........ 23
من و تۆ ........ 25
شاژنی وڵاتی ئەوین ........ 27
ئەوین و مەحاڵ ........ 28
خواژن ........ 30
وڵاتێک لە ئەوین ........ 32
خاکی ژێر پێتان ماچ دەکەم ........ 34
نامەیەکی چاوبەخوێن ........ 36
پشکۆی ئەشق ........ 38
To be or not to be… ........ 40
لە یەکەم نیگاوە ........ 42
لە بەهەشتی ئامێزەوە ........ 44
گوڵم حەیفە منت فەرامۆش کردووە ........ 45
کەس وەک تۆ خۆشی نەویستووم ........ 47
ڕازێکی پیرۆز ........ 49
سەفەر ........ 51
بۆ کچێکی خوێنشیرین ........ 52





تامەزرۆیی ........ 54
ددانپیانان ........ 56
ناڵەی سوارێکی گلاو ........ 57
گلەیی ........ 58